# یاداشتنامەی فەرمی کۆنفرانسی
# "دەستوور و یەکسانی"

کۆنفرانسی دەستووری یەکسانی، لە ڕێکەوتی 2005/8/8 لە ژێر چاودێری سەرۆکی حکومەت بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و بە دروشمی "یەکسانی لە دەستووردا زامنی دیموکراسییە"، بە سەرپەرشتی ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری یەکسانی و، بە هاوکاری ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت و بەشداری نوێنەرانی پەنجا ڕێکخراوی ناحکومی، لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێری پایتەختی کوردستان، بەڕێوە چوو.

لەم کۆنفرانسەدا گفتوگۆ لەسەر گرنگترین خاڵەکانی نێو ڕەشنووسی دەستووری عێراق کرا کە لە کۆتایی مانگی تەمووزدا بڵاوکرایەوە. کۆنفرانس بە تایبەتی لەسەر ئەو خاڵ و بڕگانەی کە بە شێوەیەکی تەواو دژایەتی لە مافەکانی کورد، مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافەکانی ژنان بە تایبەتی کراوە، گفتوگۆی وروژاند.

کۆنفرانس بەم ئەنجامانە گەیشت و ڕایدەگەیەنێت:

1. سنوورەکانی کوردستان پێویستە بە پێی ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان لە دەستووری عێراقدا دیاری بکرێت، بە پێی پرۆژەی پێشنیارکراوی پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری گەلی کوردستانە و گوزراشت لە ویستەکانی خەڵکی کوردستان دەکات.

2. مافی خەڵکی کوردستان لە ئێستا و ئایندەدا بۆ دیاریکردنی چارەنوس لە دەستووری عێراقدا دانی پێدا بنرێت و بپارێزرێت.

3. داهاتەکانی سەرچاوە سروشتییەکان پێویستە بە یەکسانی دابەش بکرێن. سەبارەت بە کوردستان و هەرێمەکانی تر پێویستە خۆیان خاوەندارێتی سەرچاوە سروشتییەکانی خۆیان بکەن، بە تایبەتی ئەو کێڵگەنەوتانەی کە تا ئێستا کاریان تیا نەکراوە.

4. زمانی کوردی ، شانبەشانی زمانی عەرەبی لە سەرانسەری عێراقی فیدراڵدا فەرمی بێت. نەک تەنها وەک وشە، وەک لە یاسای بەڕێوەبەردنی کاتی دەوڵەتی عێراقدا هاتبوو بەڵام جێبەجێ نەکرا ،بەڵکە لە کرداردا. زمانی کوردی پێویستە لە هەموو دیکۆمێنت و هێما فەرمییەکان و بواری دیپلۆماتی و دارشتنی سروودی عێراقی فیدراڵدا هەبێت، لە سەر دراوی عێراقی و بواری خزمەتگوزاری دامودەزگاکاندا بە گشتی بەکاربهێندرێت.

5. کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی دەبێ دەستووری تایبەتی خۆی هەبێت و، لە پەرلەمانی کوردستاندا بڕیاری بۆ بدرێت و لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە خەڵکی کوردستان بڕیاری بۆ بدات.

6. نابێت هیچ یاسایەکی ئیتیحادی بە بێ ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان، بەسەر کوردستاندا بسەپێندرێت.

7. بنەماکانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، هەروەک لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە، پێویستە تاکەسەرچاوەی مافەکانی تاک بن و، نابێت بە هیچ شێوەیەک لە ژێر کاریگەری هیچ بیروباوەڕێک و ئایین و ئاینزایەکدا بێت.

8. پێویستە لە دەستووری دەوڵەتدا دین و سیاسەت بە شێوەیەکی تەواو ڕوون لە دەستووری عێراقی فیدراڵ بە گشتی و لە دەستووری کوردستان بە تایبەتی، لە یەکتری جیابکرێنەوە.

9. پێویستە ئافرەت و پیاو بە تەواوی لە مافەکاندا یەکسان بن لە هەردوو دەستووری عێراقی فیدراڵ و لە کوردستاندا. نابێت هیچ ڕێسایەکی ئایینی، کاریگەری لەسەر پرنسیپی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو هەبێت. پێویستە دەزگای یەکسانی بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی مافی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە ژیانی تایبەتی و گشتیدا، دابمەزرێت.

10. لە دەستووری عێراق و دەستووری کوردستانیشدا پێویستە ڕێز لە مافی یەکسانی هەموو نەتەوەکان، ئایینەکان، ئاینزاکان بگیرێت و نابێت هیچ ئاینێک ببێتە سەرچاوەی یاسادانان لە حکومەتی کوردستان و، هەروەها لە حکومەتی فیدراڵی عێراقدا.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:

مەهاباد قەرەداغی
ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری یەکسانی
تەلاری ئەنجومەنی وەزیران
هەولێر/کوردستان
www.krg.org

mahabad03@hotmail.com
qmahabad@hotmail.com